## ئەکادیمیای ئامۆژگاری بۆ پەروەردەو فێرکردن

## "پرۆژەی سێیەم"

**السلام عليكم ورحمة الله**

بەشداربووی بەڕێز ئەم (30) سی پرسیارەی کە لە بەردەستی بەرێزتدایە لە لایەن لیژنەیەک لە مامۆستایانی "ئەکادیمیای ئامۆژگاری" دانراوەو پێداچوونەوەی بۆ کراوە، لە ڕووی شێوازو جۆری پرسیارەکان و ئاستی پرسیارەکان.

ئێوەی بەڕێزیش وەکو "پرۆژەی یەکەم" دەتوانن بەشداربن و هەوڵی خۆتان بدەن بۆ وەرگرتنی وەڵامی گونجاو (بە پشتیوای خوای گەورە).

والعلم يدخل قلب كل موفق. ..من غير أبواب ولا استئذان

ويرده المحروم من خذلانه. ..لا تشقنا اللهم بالحرمان

تێبینیەکان:

1 - (ناوی سیانی) خۆت و (شوێنی نیشتەجێ بوون) و (ژمارەی تەلەفۆن)ی خۆت یان خانەوادەکەت بنووسە، بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامەکەی ئاگادارت بکەینەوە.

2 - هەر (دوو وەڵامێک) گەر لەیەک بچن (کۆپی) بن ئەوا لە لایەن لیژنەی تاقیکردنەوەکانەوە، ڕەفز دەکرێت و دەرفەتی بەشداری کردنی نامێنێت بۆ ئەم پرۆژەیەی ئێستا.

3 - گەر بۆتان کرا وەڵامەکان بە (کۆمپیوتەر) بنووسنەوە، چونکە ئاسانترە بۆ لیژنەی تاقیکردنەوەکان، گەر نا بە خەتێکی ڕوون و دیار بنووسرێت و (ژمارە) لەسەر وەڵامی هەر وەرەقەیەک بنووسرێت، بە پێچەوانەوە مافی بەشداری کردنی نامێنێت بۆ ئەم پرۆژەیەی ئێستا.

4 - ئەنجامی وەڵامەکان لە ڕێگەی (سیستەمی پێشکەوتووی ئەکادیمیاوە) ڕادەگەینرێت.

5 - دوا کات بۆ گەڕاندنەوەی وەڵامەکان بەرواری 2020/4/5 دەبێت.

6 - ئەگەر پرسیارێک پێویستی بە (دوو وەڵام) بوو یان خلافێک هەبوو لە نێوان زانایاندا ئەوە باسی بکە.

7 - وەڵامەکان بنێردرێن بۆ تێلیگرامی "ئەکادیمیای ئامۆژگاری" لەسەر ژمارەی: 07507681442

❖پرسیارەکان لە سەر بیرو باوەڕ (العقیدة)

1.هەر کردەوەیەک کە بەندەکانی خوای گەورە ئەنجامی دەدەن چەند (مەرجێک) هەیە بۆ ئەوەی وەربگیرێت لە لای خوای گەورە، ئەو مەرجانە چین؟ بیان نووسە بە بەڵگەوە . (5 نمرە)

2.(شهادة) "لا اله الا الله" چەند (مەرجێکی) هەیە بۆ ئەوەی تەواو بێت و وەربگیرێت، ئەو مەرجانە چین؟بیان نووسە . (6 نمرە)

3.خوای گەورە چەند (ناوێک)ی هەیە لە قورئان و فەرمودەدا بۆمانی ڕونکردووەتەوە، (٤) لەو ئایەتانەی کە ناوەکانی خوای گەورەی تێدایە بنووسە. (4 نمرە)

4.خوای گەورە چەند (صیفەتێک)ی هەیە، (3) لەو صیفەتانە بنووسە کە لە فەرمودەدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆی ڕونکردوینەتەوە. (3 نمرە)

5.باوەڕدار دەبێت باوەڕی بە ڕۆژی دوایی هەبێت، (2) بەڵگە لەسەر ئەوە بنووسە کە لە قورئاندا هاتووە. (4 نمرە)

6.یەکێک لەو شتانەی کە باوەڕدار لە ناو بەهەشتدا زۆر دڵی پێی خۆشە بینینی خوای گەورەیە (جل جلاله)، بەڵگە چیە لەسەر ئەوە ؟ (1 نمرە)

7.هەڵواسینی (مورووە - چاوەزار) و هەر شتێک کە باوەڕت وا بێت دەتپارێزێت لە زەرەو زیان، تاوانەو لە ئیسلامدا قەدەغەکراوەو چەندین بەڵگەی لەسەر هاتووە، دوو بەڵگە لەسەر ئەوە بنووسە.

(2 نمرە)

❖پرسیارەکان لە سەر فەرموودە (الأحاديث)

1.پێغەمبەر محمد (صلى الله عليه وسلم) بە چی لە پێغەمبەرانی تر (سەلامی خوایان لێ بێت) جیادەکرێتەوە؟ دوو لەو جیاکاریە بنووسە بە بەڵگەوە. (4 نمرە)

2.پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فێری کردووین کە لە ماڵ چووینە دەرەوە دوعایەک بخوێنین، ئەو دوعایە چیە ؟ وە ماناکەشی بنووسە. (4 نمرە)

3.مانای ئەم فەرموودەیە بنووسە و چ سوودێک لەو فەرموودەیە وەردەگیرێت؟ قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (اذَا سمِعْتُمْ الطَّاعُونَ بِأَرْضٍ، فَلاَ تَدْخُلُوهَا، وَإذَا وقعَ بِأَرْضٍ، وَأَنْتُمْ فِيهَا، فَلاَ تَخْرُجُوا مِنْهَا). متفقٌ عليهِ. (4 نمرە)

4.فەرموودەکە بە عربی بنووسە : دایکی ئیمانداران عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت (الحارث)ی کوڕی (هشام)پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا چۆن (وەحیت) بۆ دێت؟ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی هەندێ جار وەکو دەنگی زەنگە، ئەمەیان قورسترینیانە لەسەرم و کاتێ لێم دەبێتەوە تێدەگەم لەوەی پێ ووتووم، و هەندێ جاریش فریشتەکە لەسەر شێوەی پیاوێک قسەم لەگەل دەکات و لێی تێدەگەم، عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: دەمبینی ئەو کاتەی وەحی لەسەر دادەبەزی لە ڕۆژانی سەرمادا کە لێ دەبووەوە ئارەق لە ناو چەوانی دەهات. (3 نمرە)

5.ئەم فەرموودەیە تەواو بکە: حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، قَالَ: قَالَ لِي ابْنُ أَبِي نَجِيحٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ، قَالَ: صَحِبْتُ ابْنَ عُمَرَ إِلَى المَدِينَةِ فَلَمْ أَسْمَعْهُ يُحَدِّثُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَّا حَدِيثًا وَاحِدًا، قَالَ: كُنَّا عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأُتِيَ بِجُمَّارٍ، فَقَالَ: «إِنَّ..............................................................................................................................

..فَإِذَا أَنَا أَصْغَرُ القَوْمِ، فَسَكَتُّ، قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: هِيَ النَّخْلَةُ. (3 نمرە)

6.پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەکدا بۆمان باس دەکات کە ئیمامی عمر (رەزای خوای لێ بێت) فێری زانست دەبێت و زانستی شەرعی وەردەگرێت، ئەو فەرموودەیە بنووسە. (3 نمرە)

7. (فَرَع) یەکێکە لەو وشانەی کە هاتووە لەیەکێک لە فەرموودەکاندا، بە مانای چی دێت و فەرموودەکەش بنووسە. (4 نمرە)

## ❖پرسیارەکان لە سەر بابەتە فیقهیەکان

1.باسی چۆنیەتی (دەست نوێژ) بکە؛ وە باسی (زیکری) سەرەتاو کۆتاییەکەشی بکە. (3 نمرە)

2.هەموو کردەوەیەک پێویستی بە (نیەت) هێنانە، ئایا شوێنی نیەت کوێیەو بەڵگە بۆ قسەکەت بهێنەرەوە. (2 نمرە)

3.باسی (مەرج) و (روکن) و (واجب) و (سونەتەکانی) ناو نوێژ بکە. (8 نمرە)

4.ئایە دەست نوێژی ژن و مێرد به دەست بەرکەوتن دەشکێت یان ناشکێت؟ وە بە چ بەڵگەیەک؟ (٢ نمرە)

5.ئایە جیاوازی چیە لەنێوان (مەسح کردن) و (تەیموم کردن)؟ وە باسی چۆنیەتیان بکە. (4 نمرە)

6. ڕۆژوو یەکێکە لە عیبادەتەکان و گرنگی زۆری هەیە لە ئیسلامدا، ئەوشتانە چین کە دەبنە هۆی (هەڵوەشاندنەوە) و (شکاندن)ی ڕۆژوو؟ (2 نمرە)

7.ئایە (زێڕ) کە عەیاری (٢١) بێت، بگاتە چەند مسقاڵ زەکاتی لێ دەکەوێت؟ وە (ڕێژەی) زەکاتەکەی چەندە؟ (3 نمرە)

8.(حەج)ی ماڵی خوا واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی عاقڵ و بالغ کە توانای ماددی هەبێت، ئەگەر ئەو ئەو کەسە توانای چوونە حەجی هەبێت و نەشچێت گوناهبارە؟ (3 نمرە)

❖پرسیارەکان لە سەر سیرەو ژیننامەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)

1.کەسێک زۆر ئەزێتی پێغەمبەری خوای دەدا (صلى الله عليه وسلم) بە گوفتارو کرداری تا خوای گەورە لە قورئاندا لەچەند ئایەتێکدا زەمی کرد، ئەو کەسە (نۆ) خوو ڕەوشتی خراپی تێدایە، ئەو کەسە کێ بوو؟ خوو ڕەوشتە خراپەکانی بنووسە. (4 نمرە)

2.(وەفاداری) و (لەبەرچاوگرتنی چاکەی چاکەکاران) خوو ڕەوشتی پێغەمبەری خوا بوو (صلى الله عليه وسلم)، بۆیە لە (غەزای بەدر)دا کۆمەڵێ دەست بەسەری بێباوەڕان کەوتنە ژێر دەستی ئیمانداران، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی ئەگەر فلانەکەس زیندوو بایە داوای ئەم (ئەسیرانە)ی بکردبایە هەموویانم ڕادەست دەکرد، ئەو کەسە کێ بوو؟ وە بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وای فەرموو بەو کەسە؟ (2 نمرە)

3.بەیعەی (عەقەبە)ی دووەم چەند خاڵیکی لە خۆ گرت، ئەو خاڵانە چین؟ بیان نووسە؟ (4 نمرە)

4.هۆکاری دروست بوونی (هاوپەیمانی فضول) چی بوو؟ (3 نمرە)

5.لە یەکێک لە غەزاکاندا ئافرەتیک هەندێ (گۆشتی ژەهراوی) خستە بەردەستی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، (ناوی) غەزاکە چی بوو؟ وە لە (چی ساڵێک)ی کۆچیدا بوو؟ وە (ئافرەتەکە ناوی چی بوو؟ وە (خێزانی کێ بوو)؟ (4 نمرە)

6. کام لە هاوەڵان ناونرا بە (شەهیدی زیندوو)؟ وە لەبەر (چی) بەو شێوەیە ناونرا؟ (2 نمرە)

7.هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە کێ بوو؟ (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا هَٰؤُلَاءِ أَهْدَىٰ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلًا)؟ کێ کوشتی؟ وە چیرۆکی کوشتنەکەی چۆن بوو؟ (3 نمرە)

8.ئەو (دوو) کەسە کێ بوون کە پیلانی تیرۆر کردنی پێغەمبەری خوایان داڕشت؟ وە چیرۆکەکە چۆن بوو؟ (3 نمرە)

فێرخوازی بەڕێز...

- ✓ ئێستا لە ماڵەوەیت و کاتێکی زێڕین و گونجاوت لەبەر دەستدایە، هەوڵ بدە کاتەکانت بۆ شتانێکی باش و بەسوود تەرخان بکە.
- ✓ گەڕان بۆ وەرگرتنی وەڵامی ڕاست و گونجاو پاداشتی زۆری بۆت هەیە.
- ✓ ئێمە سوود لە سەرنج و پێشنیارە جوانەکانی ئێوە دەبینین، بۆیە سەرنج و پێنشیارتان ئەکادیمیا بەرەو پێشتر دەبات بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتری هەمووانی پێ بکرێت.

اللَّهُمَّ انْفَعْنَا بِمَا عَلَّمْتَنَا , وَعَلِّمْنَا مَا يَنْفَعُنَا , وَزِدْنَا عِلْمًا

https://t.me/amozhgary_academy

Tel: 0750 768 14 42